السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# نوێژی کەسێک دروست نییە ئەگەر دەستنوێژی نەگرتبێت، ودەستنوێژی کەسێک دروست نییە ئەگەر ناوی خودای نەهێنا بێت

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نوێژی کەسێک دروست نییە ئەگەر دەستنوێژی نەگرتبێت، ودەستنوێژی کەسێک دروست نییە ئەگەر ناوی خودای نەهێنا بێت (نەیوتبێت: (بسم الله) لە سەرەتای دەستنوێژدا».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە کەسێک دەستنوێژی نەبێت نوێژەکەی دروست نییە (واتا: فەریزەکەی لەسەر لاناچێـت وئەم نوێژە لای خوای گەورە قبوڵ نابێت)، هیچ ناکۆکیەک نییە لە نێوان زانایان سەبارەت بە بەشی یەکەمی ئەم فەرموودەیە هەرکەسێک دەستنوێژی نەبێت نوێژەکەی قبوڵ ناکرێت، وبەهەمان شێوە فەرموویەتی کەسێک ناوی خودای نەهێنا بێت (نەیوتبێت: بسم الله) پێش دەستنوێژگرتن ئەوا دەستنوێژەکەی دروست نییە؛ وسەبارەت بە بەشی دووەمی فەرموودەکە ڕای جیاواز هەیە لە نێوان زانایان، لە مەزهەبی ئیمام ئەحمەد: وتنی (بسم الله) واجبە، ولە مەزهەبی جمهوردا: ووتنی (بسم الله) واجب نییە بەڵکو سونەتێکە لە سونەتەکانی دەستنوێژگرتن چونکە لە ژمارەیەکی زۆر فەرموودەدا باسی دەستنوێژگرتن کراوە بەڵام باسی وتنی: (بسم الله) نەکراوە لە پێش دەستنوێژگرتن وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وتنی (بسم الله) پێش دەستنوێژگرتن واجب نییە، وئەمە ڕای پەسەندە، وتنی: (بسم الله) پێش دەستنوێژگرتن سونەتە وباشتر وایە بووترێت پێش دەستنوێژ گرتن بۆ جێبەجێکردنی سونەت، وسەبارەت بە واتاکەی وتراوە: (لا وضوء لمن يذكر اسم الله -تعالى- عليه) بە واتای: دەستنوێژگرتنەکەی کامڵ وتەواو نییە، نەک بە واتای: دەستنوێژەکەی دروست نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8384

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee